WP ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
دەورەی تازە
# ئۆکتۆبەر
22
25 ی تشرینی یەکەم/ ئۆکتۆبەر 2021



# هەڵبژاردن و قەیرانی پێکهێنانی حکومەت!

موحسن کەریم

دوای ئەوەی هێزو دەستەوتاقمە میلیشاییەکانی عێراق وکوردستان، لە پرۆسەیەکی گاڵتەجاریدا بەناوی هەڵبژاردن، دەستیان برد بۆ دابەشکردنەوەی دەسەڵات لەنێوان خۆیاندا، سەریان بەرەو تونێلێکی تاریک لە کێشمەکێش و ململانێ رۆیشت و لە گۆشەیەکی دیکەوە شکست و گاڵتەجاڕبوونی هەڵبژاردن و پرۆسەی سیاسی و بەناو دیموکراسی دوبارە نمایش کردەوە. ئەوان هەڵبژاردنیان بۆئەوە کرد کە خرۆشانەکانی ئۆکتۆبەر، کە دەسەڵات و بوونی ئەوانی نیشانە گرتبوو، تیپەڕێنن، بەڵام بەشداری نەکردنی فراوانی خەڵک لەم گاڵتەجاڕیەدا، نەک ئەو یاریەی لێ تێکدان، بەڵکو ئابڕوچوونێکی سیاسی گەورەی کردە نسیبی هەموویان و ئەوەندەی دیکە قەیرانی سیاسی و حکومەتی و بێ ئاسۆیی قوڵ کردنەوەو ململانێکانی نێوانیانی توندو تیژتر کردەوە. ئێستا خودی هەڵبژاردن و ئاکامەکانی بۆیان بوەتە گرێیەکی بێچارەسەرو ئاڵۆز کە کردنەوەی کارێکی سەخت و دژوارەو دەرگاش دەکاتەوە بەڕووی چەندین ئەگەری سیاسی و دەستێوەردانی هێزو دەوڵەتی کۆنەپەرستی جیهان و ناوچەکەوە لە کاروباری سیاسی و لە نەخشەی ململانێی سیاسی نێوان ئەم هێزو تاقمانە!

ئەم هەڵبژاردنە دابەشبوونە سیاسیەکانی عێراقی زیاتر قووڵکردەوەو گورزێکی کوشندەشی دا لە پەیکەری ئەو هێزانەی تائێستا دەسەڵاتی عێراقیان لەنێوان خۆیاندا دابەش کردبوو. شانۆی سیاسی عێراق، ئێستا لە جاران زیاتر بە زیانی ئێران و

بۆ لاپەڕە 2



# گفتوگۆ لەگەڵ ؛ عوسمانی حاجی مارف سەبارەت بە ئاکامی هەڵبژاردن و داهاتووی نارەزایەتیەکانی خەڵک

ئۆکتۆبەر: هەڵبژاردنی پێشوەختەی عێراق تەواو بوو، وەکو پێشبینی کرا، ژمارەیەکی کەم لە خەڵک بەشدارییان تێداکرد. هەروەها پێشبینی ئەوەش کرا کە هێزە بەشدارەکان نەتوانن لەسەر دروستکردنی حکومەت بە زوویی ڕێک بکەون و لەوەش خراپتر هەڕەشە کردن و هێز جوڵاندن بەشێوەی جۆراوجۆر دەستی پێکردوە. ئایا پێشبینی ئەوە دەکەن کە بارودۆخی سیاسی عیراق بەرەو شەڕو

بۆ لاپەڕە 3



# ئازادی بۆ هەموو دەستگیرکراوەکانی بادینان

مستەفا باهیر

پارتی دیموکراتی کوردستان بەهاوکاری حزبە ناسیۆنالیست و ئیسلامیەکان،٣٠ ساڵە دەسەڵاتدارن لەکوردستان. هەر لەسەرەتای دەسەڵاتیانەوە تاوەکو ئێستا کەوتونەتە دزینو ئاودیوکردنی سەروەتو سامانی سەرزەوی و ژێرزەوی کوردستان. ژیانێکی شاهانەیان بۆ خۆیانو کەسوکارو دەست و پێوەندەکانیان

بۆ لاپەڕە 5



# کرێکارانی ئیتالیا و نارەزایەتیەکی چینایەتی مەزن

نوری بەشیر

رۆژی ١٦ی ئۆکتۆبەر لە نارەزایەتیەکی بێوێنەدا لە مێژووی بیست ساڵی رابردوی ئیتالیادا، لەسەر بانگەوازی سەرتاسەری پێشتری یەکێتیە کرێکاریەکان، نزیکەی دووسەد هەزار کەس لەسەرتاسەری وڵاتەوە

دوا لاپەڕە

**ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری!**

# درێژەی..... هەڵبژاردن و قەیرانی پێکهێنانی حکومەت!

دەستێوەردانەکانی لە عێراقدا گۆڕاوە. هێزو میلیشیا لایەنگرەکانی ئێران لە پێگەیەکی لاوازتردا خۆیان دەبیننەوە. ئەوەی کە جاران پێی دەوترا ناوماڵی شێعە، کە بە پلەی سەرەکی لەژێرکاریگەری سیاسی و ئایدیۆلۆژی ئێران و جمهوری ئیسلامی ئێراندا بوو، ئێستا لەبەریەک هەڵوەشاوەتەوەو بێجگە لەو گورزەی بەدەست خەڵکی ناڕازی عێراقەوە تووشی هاتوە، لەناو خۆشیاندا پەرت پەرت بوون. مەیلی دوورکەوتنەوە لە هەژمونی ئێران لەناو بەشێکیدا بەهێزتر بوە، بەتایبەتی ڕەوتی سەدر نوێنەرایەتی ئەم جۆرە مەیلە دەکات. ئەم گۆڕانکاریە ئەوەندەی دیکە دابەشبوونە تائیفیەکانی فراوانتر و قوڵتر کردۆتەوەو پرسی ڕێکەوتنی ئەم گروپ و میلیشیایانە بۆ دابەشکردنی دەسەڵات و پێکهێنانی حکومەتی تەوافوقی نێوانیانی سەختتر کردوە.

بێگومان ئەمریکا و وڵاتە عەرەبیەکانی دۆستی لەلایەکەوە هەوڵ دەدەن ئەو مەیلەی ناو حزب و میلیشیا شێعیەکان بەهێزبکەن، کە دەیانەوێ لەئێران دوور بکەنەوەو مەرجەعیەتی عێراقی و نیشتمانی عێراقی دەخەنە جێگای مەرجەعیەتی ئێران و جمهوری ئیسلامی ئێران. ئەمەش ئاڕاستەکەی بەوجۆرە دەبێت کە لە وڵاتە عەرەبیەکان و لە ناسیۆنالیزمی عەرەبی نزیک ببنەوە. ئەم ئاڕاستەیە بۆ ئەم گروپانە خێرێکی تێدا دەبێت، بە تایبەتی کە دەبینن مەیلی دژی ئێران و دەستێوەردانی ئێران لەناو کاروباری سیاسی و ناوخۆیی عێراقدا و ئەو کارەساتانەی کە میلیشیاو حزبە چەکدارەکانی سەر بە ئێران بۆ خەڵکی هێناوە، لەناو خەڵکی زەحمەتکێش و نەداری عێراقدا بەهێزەو ئیتر مەوعیزە دینیەکانی ناتوانن خەڵک چەواشەبکەن و ئەو دۆخەی بەسەریاندا سەپاندوون قبوڵ بکەن.

هەلومەرجی سیاسی ئێستای عێراق بەجۆرێکە کە دەبێ حزب و گروپە بەناو سونەکان و کوردەکان چاوەڕێی یەکلابوونەوەی کێشەی نێوان میلیشیا شێعەکان بکەن بۆئەوەی بتوانن بەشی خۆیان لە دەسەڵات و داهاتی عێراق لەرێگای پێگەو پۆستە حکومیەکانەوە بەدەست بێنن. ئەم ڕاستیە ئەوەی سەلماند کە پێگەی هێزو لایەنەکانی سەر بەو دوو ڕەوتە لە دیاریکردنی چارەنوسی عێراقدا کەم کاریگەرترەو هێشتا ئەو هێزەی کە دەتوانێ نەخشەی سیاسی عێراق یەکلابکاتەوەو بڕیاری لەسەر بدات، ئیسلامی سیاسی شێعەو گروپ و دەستەو میلیشیاکانیەتی کە لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا خۆیان تەیارو بەهێزکردوە، زۆربەی ناوەندەکانی دەسەڵات و هێزی سەربازی و ئەمنی عێراقیان تەنیوە، بێجگە لە چەندین میلیشیای پڕچەک و کاریگەر لە گۆڕەپانی سیاسی و سەربازی عێراقدا. دەوڵەتانی دژ بەیەکیش کە کاریگەریان لەسەر بارودۆخی سیاسی عێراق هەیە، زیاتر لەرێگای ئەوانەوە، خەریکی یەکلاکردنەوەی هاوسەنگیەکەن بە قازانجی خۆیان.

ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر پێگەی حزبە ناسیۆنالیست و ئیسلامیەکانی کوردستان، ئەمان بەپێچەوانەی ساڵەکانی سەرەتای دوای ڕوخانی سەدام، بەتایبەتی دوای کۆتایی هاتنی شەڕی داعش و روداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧، پێگەیەکی لاوازو کەم کاریگەریان هەیە لەسەر مەشهەدی سیاسی عێراق. ئەوان دەبێ چاوەڕی بن تا یاریزانە سەرەکیەکانی ناو گۆڕەپانی سیاسی عێراق لەسەر بنەماکانی یاریەکە ڕێک دەکەون و ئەوکاتە ئەمانیش بەشدار دەکەن لە یاریەکەدا!

دەستاودەستکردنی دەسەڵات و بەشداریکردن لە دەسەڵاتدا لەسەر بنەمای دەنگی زۆرو کەم نیە. ئەوەی دەوترێ زۆرینەی پەرلەمانی و ئەو هێزەی دەنگی زۆری هێناوە ئەوە دەتوانێ حکومەتی دروست بکات و تادوایی، هەمووی پڕوپاگەندەی چەوشەکارانەو ناوبەتاڵن. ئەوەی ئەو پرسە یەکلایی دەکاتەوە لۆژیکی هێزە. مەسەلەیەک کە دوای روخانی سەدام ئەو هێزەی بەخشی بە هێزو میلیشیا شێعەکان دەوری سەرەکی ببینن لە مەشهەدی سیاسی و لە پێگەی دەسەڵاتی سیاسی عێراقدا، زۆرینەی شێعەی دانیشووی عێراق نەبوو، بەڵکو پشتیوانی بێدرێغی سیاسی و سەربازی ئێران بوو لەو هێزانە وتوانای دەستێوەردانی گەورەی ئێران بوو لە کاروباری سیاسی و سەربازی و ئەمنی عێراقدا. ئێستا ئەمە گۆڕانکاری بەسەردا هاتوە، بۆیە "ناوماڵی شێعەش" تووشی قەیران بوون و ئایندەی حکومەتی تەوافوقی ئەوەندەی دیکە ناڕوون تاریک بووە. ئێستا بارودۆخی سیاسی و ئەمنی عێراق لەسەر لێواری چەقۆیەک دانراوە کە هەردووسەری بەدەست ڕەوت و میلیشیا شێعەکانەوەیە و ئێران و ئەمریکاو وڵاتە عەرەبیەکانی دۆستی ئەمریکاش لە پشتیانەوە ڕاوستاون!

★


سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی
**عوسمانی حاجی مارف**
مۆبایل:00964(0)7701570050
Email:
Osman_maruf@yahoo.com

جێگری سکرتێر:
**موحسین کەریم**
ڤایبەر: 00964(0)7700475533
Email: muhsin_km@yahoo.com

ڕێکخراوی دەرەوە:
**دەشتی جەمال**
Mob: 0044(0)7856032991
Email: dashtyjamal@gmail.com



**ئۆکتۆبەر**
**ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**
سەرنوسەر : موحسن کەریم
ڤایبەر: 07700475533
muhsin_km@yahoo.com
ئۆکتۆبەر بخوێننەوە و بەدەستی دۆستان و ئاشنایانی خۆتانی بگەیەنن!

## درێژەی... گفتوگۆی لەگەڵ عوسمانی حاجی مارف سەبارەت بە ئاکامی هەڵبژاردن و داهاتووی ناڕەزایەتیەکانی خەڵک

**پێکدادان بڕوات؟ یاخود حکومەتی ئێستا بەردەوام دەبێت تا ئەوکاتەی ئەم هێزانە بە ڕێکەوتنێک دەگەن لەنێوان خۆیاندا!؟ لەوبارەدا بارودۆخی ژیان و گوزەران و ئەمنیەتی خەڵک چی بەسەردێ؟**

عوسمان حاجی مارف: با لەو شوێنەوە دەست پێبکەین کە زۆر بێپەردەو ئاشکراو بێدوڵی زۆرینەی هاووڵاتیانی عێراق و کوردستان بەشدارییان لەم هەڵبژاردنەدا نەکرد. بەڕاستی مستەکۆڵەو گورزێکی گەورەیان کێشا بە ڕوخساری تەواوی ئەو هێزە سیاسیانەی بەناوی هەڵبژاردنەوە دەیانەوێت هەمان پرۆسەی سیاسی لە ئەزمونی دەسەڵاتی حزبە ئیسلامی و تائفی و نەتەوەپەرستی میلیشیاکان، بە ڕێکەوتن، پێکبهێننەوە. ئەمجۆرە لە پەرچەکردار لە تورەیی و ناڕەزایەتی جەماوەری بۆ بەشداری نەکردن لە هەڵبژاردن، دەستکەوتێکی گەورەیە لە هەنگاوەکانی خەبات و ناڕەزایەتیەکانی جەماوەری عێراق و کوردستان بۆ ڕوخاندنی ئەم دەسەڵاتە. لە هەمانکاتدا شکستێکی گەورەیە بۆ تەواوی ئەو هێزانەی لە چوارچێوەی پرۆسەی سیاسی گاڵتەجاری هەڵبژاردندا دەیانەوێت دەسەڵاتی جەردەیی و تاڵانی بە ئاسانی دابمەزرێننەوە.

بە گشتی دۆخەکە بەو ئاقارەدا ڕەوتی ڕوداوەکان دەباتە پێشەوە کە دوای ئەم هەڵبژاردنە ئایندەیەک بۆ پێکهێنانی حکومەت لە عێراقدا نادیارەو ئاسان نیە، چونکە ئەوە باش دەزانین هەر لە سایەی ئەم دەسەڵاتەدا بوو کە چەندین مانگ خۆپیشاندانەکانی بەغداو شارەکانی خوارو بەدروشمی ڕوخانی دەسەڵات، حکومەتی عادل عبدولمهدی یان هەڵوەشانەوە. هێزە سیاسیەکان ناچار بون حکومەتێکی کاتی پێکبهێنن تا هەڵبژاردنی پێشوەخت. ئەمەش ئاکامی ئەو هەڵبژاردنەیە کە زۆرینەی خەڵکی عێراق (نایەکی) گەورەو ریسواکردنی ئەو هێزە سیاسیانەی کردە نیشانەو رمی تورەییان لێوەشاند. ئەو قەیرانەی لە دەسەڵاتی سیاسی عێراقدا کە هەر لەسەرەتای پێکهێنانی یەکەم حکومەتی تەوافقیەوە ڕەگی داکوتاوە، ئەم هەڵبژاردنە زیاتر بەبنبەستی گەیاندن. دەبینین کە بە لایەنێک و دوولایەن و سێ لایەن ناتوانن حکومەتێک پێکبهێنن. هاوسەنگی هێزیان بەجۆرێک دابەزیوە، ناتوانن ئەنجامی هەڵبژاردن بکەنە سەنگی مەحەکی پێکهێنانی حکومەتەکەیان. هەربۆیە پێشبینی چەندەها سیناریۆ دەکرێ، لە پێکدادان و بارگرژی و شەڕی نێوان هێزەکان و دەخالەتی ڕاستەوخۆی وولاتان و زیاتر خولقاندنی باری نائەمنی. بەڵام واقعیەتێک کە بەدوای هەژدەساڵ لە باڵادەستی ئەم هێزە میلیشیاییانە، ئەوەیە کە هەریەک لەو هێزانە بە ڕادەی پێگەو نفوزێکی سیاسی و دەوریان، لەدەسەڵاتی سیاسیدا گەندەڵستانێکیان دروستکرد، کە توانیویانە گەورەترین سەرمایە لە چاڵە نەوتەکان و بازرگانی و قاچاخچێتی و جەردەیدا کەڵەکە بکەن. مەبەستم ئەوەیە ئاستی بەردەوامی بەرژەوەندییان لە تالانچێتی و کەڵەکەی سەرمایە بە قازانجی هیچ لایەنێکیان نیە و بکەونە حاڵەتی شەڕەوە، بۆیە بەجیا لە ئاکامی هەڵبژاردنەکان، گرنگ نیە کێ دەنگی زۆری هێناوە یان کەمی هێناوە، وەک هێزی میلیشیاو مافیا تا بۆیان دەکرێت ناچارن لەنێوان یەکتردا سەوداو مامەڵەبکەن بۆ ڕێکەوتن لەسەر تالانی و قۆرخکردنی سەروەت و سامانی عێراق. هەڵبژاردن هەبێت یا نەبێت، ڕێکەون یا ڕێک نەکەون، بە شێوازێک لەدەسەڵاتی میلیشیا، ئیدارەو حکومەتەکەیان بەڕێوە دەبەن. هەریەک حاکمی ناوچەی دەسەڵاتی خۆی دەبێت، تا ئەو کاتەی ناڕەزایەتی جەماوەری دەریان دەپەڕێنێت. ئەمەش مانای ئەوەنیە ئەم ناجێگیری و گێژاوە سیاسیە ئەتوانێ تاسەر بێت. لەدۆخێکی وا نالەبارو بارگرژیدا، چەندین ئەگەر لە پێشهات قابیلی ڕودانە تا ئاستی شەڕی نێوانیان. لە هەموو ئەگەرەکاندا کرێکاران و خەڵکی هەژارو زەحمەتکێش گەورەترین قوربانی ئەو هەلومەرجە دەبن، لە بێکاری و نەداری و برسیەتی و هەژاریدا.

**ئۆکتۆبەر: ئەگەر بارودۆخەکە بەوجۆرە بوو کە ئەم وەزعە درێژەی کێشاو حکومەت دروست نەبوو، خەڵک چی بکات؟ چۆن بتوانێ دەستی بە خزمەتگوزاریەکان بگات و ژیان و گوزەرانی خۆیان بەڕیوەبەرن. ئەگەر وەزعەکە بە ئاقاری شەڕدا ڕۆشت خەڵک چی بکەن؟**

عوسمانی حاجی مارف: وەک پێشتر ئاماژەم پێدا، ئەگەری سیناریۆکان چەند لایەنیە، جا حکومەت پێکبێت یا پێک نەیەت، ئەو هێزانە لەپێناو زیاتر کەڵەکەی سەرمایەدا، پرۆژەکانیان و بەڕێوەبردنی دەسەڵاتیان بەو شێوازەی بۆیان دەگونجێت، بەڕێوەی دەبەن. ئەوەش لەچەند ساڵی ڕابردودا ئەوەی ئەم هێزانە بە خەڵکی عێراقیان کردوە لە جیهاندا کەموێنەیە. خەڵکیان لە بێ کارەبایی و بێ ئاوی و دابین نەکردنی خزمەتگوزاری و تەندروستی و بێبەشکردن لە پێداویستیەکانی ژیاندا ڕاگرتوە لەکاتێکدا حکومەتی تەوافقیشیان پێکهێنابوو.
ناڕەزایەتیەکانی خەڵک لەبەرامبەر ئەو حکومەتەدا خۆی نواند، کە نالەبارترین و نەگونجاوترین ژیانیان

بەرەورووی خەڵک کردۆتەوە. هەڵبەتە ئەم هەلومەرجەی دوای هەڵبژاردن لەبنبەست و قوڵبونەوەی زیاتری دەسەڵاتی سیاسی، زیاتر ناجێگیری سیاسی و ژیان و گوزەرانی خەڵک نالەبارتر و سەختتر دەکات. بۆیە پێویست ناکات چاوەڕوانی ئەوەبین شەڕ دەبێت یان نابێت، حکومەت دروست دەکەن یا دروستی ناکەن. بە هەر بارێکدا ئەوەیان سەلماندوە کە ئەزمونێکی زۆر تاڵ و بێمانامان لەم هێزە میلیشیا ئیسلامی و تائفی و عروبەو کوردایەتیە وەرگرتووە، کە هەر چاوەڕوانبونێک لە هەڵسوکەوتی سیاسی و سەوداومامەڵە و گەمەی سیاسیان دەبێتە مایەی زیانبەخشی زیاتر بۆ گوزەرانی خەڵک. هەر بۆ خۆیان بە ڕۆژی ڕوناک بەچەندین شێوەو زمان پێمان ڕادەگەیەنن کە حاکمی گەندەڵی و دزی و جەردیی و تاڵانکارین. نە خۆیان و نە فکرو ئایدۆلۆژیا و نە نەخشەی سیاسی و ڕێکەوتن و نە شەڕی نێوانیان نەک زەرەیەک سودی بۆ خەڵک نیە، بەڵکو مایەی بەڵاو کارەساتێکن ئەوپەڕی نائینسانی بون و کۆنەپەرستی و دڕندەیی خۆیان دەسەلمێنن. خەڵکی عێراق یەک ڕێگای هەیە، ئەویش کۆتاییهێنانە بەم پرۆسە سیاسیەی هەژدەساڵە عێراقی کردۆتە تاقیگەی شێوازێک لەدەسەڵات، کە کەرەسەکانی هەر لەسەرەتاوە ئێکسپایەرەو دەسوتێن و خەڵک دەسوتێنێت. ئەو نایەی لەبەرامبەر ئەم هەڵبژاردنەدا نمایشی مانگرتن و سنوربەندیەکی بەرزی لەبەرامبەر ئەم پروسەیدا نیشاندا، درێژکراوەی هەمان نارەزایەتیەکانی ئۆکتۆبەرە کە دەسەڵاتی ناچارکرد سەرشۆڕبێت و ناچار بە هەڵبژاردنی پێش وەخت بێت، هەربۆیە پێویستە دوای ئەم نایەش هەنگاوە عەمەلیەکانی ڕوخانی ئەم دەسەڵاتەو کۆتایی ئەو پرۆسە سیاسیەی هاوسەنگی هێزی میلیشیای ئیسلامی و تائفی و عروبەو کوردایەتی کردۆتە بنەمای بەرجەستەکردنی بێ ئیرادەیی خەڵک، دەبێت کۆتایی پێ بهێنرێت. دەسەڵاتی خەڵک و گەڕانەوەی ئیرادەو دەورو دەخالەتی خەڵک، دەبێت بنەمای پێکهێنانی دەسەڵات و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە بێت، هەر ئەم ڕێگەیەش بەر بەشەڕو کارەساتەکان دەگرێت.

**ئۆکتۆبەر: بارودۆخی ژیان و گوزەرانی خەڵکی کوردستان چی بەسەردێ؟ بەتایبەتی کەحکومەتی هەرێم هەموو مەسەلەکانی خستۆتە ئەستۆی حکومەتی ناوەندی و تەنانەت مووچەشی بەستۆتەوە بەو برە پارەیەی ناوەند کە دەینێرێ؟ ئایا ئەگەری سەرهەڵدانی خۆپیشاندان و نارەزایەتیەکان هەیە، ئەگەر هەیە چی بکرێ تا هێزو دەستەو گروپی بۆرژوایی بەلاڕێیدا نەبەن و لە ئامانجەکانی دوری نەخەنەوە؟**

عوسمان حاجی مارف: هەر لەسەرەتای هێرش و داگیرکاری ئەمریکا بۆ سەر عێراق، حزبەکانی کوردایەتی پاشکۆو پێشخزمەتی دڵسۆزی هێزەکانی ئەمریکا بون لە داگیرکردن و وێرانکردنی عێراقدا. ئەو تالانکاریەی لە جەنگی کەنداوی یەکەمدا کردیان بەهەمان شێوەو فراوانتر حزبەکانی کوردایەتی خۆیان ڕێکخست بۆ دزی و تالانی زیاتر لە سەروەت و سامانی عێراق و کۆکردنەوەی پاشماوەکانی جەنگی کەنداوی دووەمدا، بەناوی ڕوخانی حکومەتی بەعس خۆیان کردە پێشڕەوی پێکهێنانی حکومەتی هێزە میلیشیاکانی ئیسلامی و تائفی نەتەوەپەرستی، چارەنوسی کوردستانیشیان بەستەوە بە سەوداومامەڵەی ئایندەی عێراقێکی فیدراڵەوە، عێراقێک کە چەندین ساڵە بۆتە مەیدانی کێشمەکێشی شەڕو دەخالەتی وولاتانی زلهێزی دنیاو وولاتانی ناوچەکە، بەتایبەتی دەخالەتی ئێران و تورکیا. واتە حزبەکانی دەسەڵاتدارو حکومەتی هەرێم بەشێکی سەرەکین لەو پرۆسە سیاسیەی عێراقی کردە کەلاوەی دەستی دەسەڵاتی ئەو هێزە میلیشیا کۆنەپەرست و ئیسلامیانەو بەرجەستەکردنی واقعیەتێک لە ناجێگیری و گێژاوی سیاسی و ئایندەیەکی نادیارو گوزەرانێکی پڕ مەینەتی و نائەمن و کارەسات بۆ دانیشتوانی عێراق، هەر ئەم هەلومەرجە بەردەوام کاریگەری نەرێنی و مەترسی و نائەمنی لەسەر هەلومەرجی کوردستان داناوە. کوردستانیش بۆتە پاشکۆی ئایندەی سیاسی عێراقێک کە بەردەوام لە ناو جەنجاڵی ئاڵوگۆڕەکاندا حەشار دراوە.

بەمانایەکی ڕۆشن حزبەکانی کوردایەتی چارەنوسی خەڵکی کوردستانیان تەواو گرێداوە بەو سەوداومامەڵەیەی لەگەڵ حکومەتی عێراقدا دەیکەن، لەدابەشکردن و قۆرخکردنی سەروەت و سامانی عێراقدا، ئەو عێراقەی ئێستا دەرگیرە لە بەرامبەر نارەزایەتی فراوانی ئەو جەماوەرەی دەڵێن دەبێت ئەم دەسەڵاتە بڕوخێت.

لەسەر بنەمای واقعیەتی هەلومەرجی نارەزایەتی بەرفراوانی خەڵک، بەرامبەر پرۆسەی چۆنیەتی پێکهێنانی دەسەڵاتی سیاسی، بۆ بەرزکردنەوەی خواست و پێداویستیەکانیان، زەمینەیەکی لەبار هەیە کە بەردەوام لە شانۆی سیاسی عێراق و کوردستاندا نارەزایەتیەکان دێنەوە مەیدانی شارەکان و گەڕەکەکان، ئەتوانێت ئەو هەنگاوانەی ڕوخانی دەسەڵاتی سیاسی، لە عێراق و کوردستان بەرجەستە بکاتەوەو بیباتە پێشەوە. جەماوەری عێراق و کوردستان ئایندەیەک چاوەڕوانیانە کە هاتنەمەیدانی ئیرادەی شۆڕشگێرانەی خەڵکە بۆ ڕوخاندنی دەسەڵات و دامەزراندنی دەسەڵاتی شورایی، هەر چاوەڕوانیەکی تر لە هەر هێزێکی سیاسی کە لەسەر بنەمای گەمە بە مامەڵەی سیاسی نێوان ئەو هێزە میلیشیا ئیسلامی و تائیفیانەدا نەخشەی خۆی دەباتە ڕێوە، تەنها هێشتنەوەی هەمان پرۆسەی سیاسی کۆنەپەرستانەیە کە ئایندەی عیراق و کوردستانی پێ لەقاڵب دراوە.

# درێژەی .... ئازادی بۆ هەموو دەستگیرکراوەکانی بادینان

مستەفا باهر

دروستکردوە. لەبەرامبەریشدا ئەو ژیانە کولەمەرگیەی کە کریکاران و خەڵکی کەمدەرامەتی کوردستان ژیانی تیابەسەر دەبەن بەڕەوا نابینن. کار بەوە گەشتوە ئەو کارەی دەیکەن نەک هەرلەکاتی خۆیدا موچەکانیان پێنادەن، بەڵکو کەوتونەتە بڕینی ئەو مووچە کەمەی کە بەشی خەرجی ڕۆژێکی منداڵێکی دەسەلاتدارانی ئەو حزبانە ناکات.. لەلایەکی تریشەوە هەموو خزمەتگوزاریەکان تەسلیم بە کۆمپانیاکانی خۆیان کردوە بەناوی کەرتی تایبەتەوە، هەر لەکارەباو ، خەستەخانەو، قوتابخانە..هتد. دەتوانین بڵێین حکومەتی کوردی لەماوەی دەسەڵاتداریەتیدا بووەتە هۆی نەهامەتی و دەردیسەری بۆ کرێکارانو زەحمەتکێشانی کوردستان بەشێوەیەکی گشتی.

دژ بەم سیاسەتە نائینسانیانەی دەسەڵاتی کوردی خەڵکی لە زۆربەی ناوچەکان خۆپیشاندانیان سازکردو دژی دەسەڵاتداران وەستانەوە. لەناوچەکانی زۆنی سەوز، لەهەندێ شوێن بارەگای سەرجەم حزبەکانیان سوتاند. بەڵام خۆپیشاندان لەناوچەی ژێردەسەڵاتی پارتی بەهۆی ئەو سەرکوتو فەزا عەسکەرتاریەتیەی کە سەپاندویەتی بەسەر ناوچەکەدا، نەتوانرا سازبکرێت. بەڵام لە سەرەتای سالی ٢٠٢٠ کۆمەڵێک چالاکوان و ڕۆژنامەنوسی بادینان دەستیان برد بۆ دەربرینی نارەزایەتی، بەڵام هەر زوو پارتی بە تۆمەتی بێبنەماو بە شێوەی جیاواز کەوتە گرتنی ئەم چالاکوانانە. لەژێر ئەشکەنجە و هەڕەشەدا ئەم هەڵسوراوانەیان ناچارکرد دان بنێن بەتاوانێکدا کە ئەنجامیان نەداوە، پاشان بەهاوکاری دادوەرەکانی دادگای پارتی لە هەولێر حوکمێکی قەرەقوشیان بۆ دەرکردن.

بەرامبەم بەم تاوانەی پارتی و دادوەرەکانی دادگای هەولێر، نارەزایەتیەکی بەرفراوان لەئاستی ناوخۆی کوردستان و دەرەوەی کوردستان لە لایەن پارت و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و چەندین کونسوڵخانەی وڵاتانی بێگانە لەهەرێمی کوردستان و ڕێکخراوە جیهانیەکانی مافی مرۆڤ بەرزبوەوە.. هەموو پێکەوە داوای هەڵوەشانەوەی ئەم سزایەو ئازادکردنی هەڵسوڕاوەکانیان دەکرد. بەجۆرێک کە ئەم داوایە بوو بە خواستێکی جەماوەری بەشێوەیەکی گشتی. هەرچەندە سەرەتا پارتی و حکومەتەکەی بە پاساوی ئەوەی کە دادگا سەربەخۆیەو دەبێ دەست تێوەردانی سیاسی تێدا نەکرێ، دەیویست مل بەم فشارانە نەدا، هەربۆیە هەمیشە کەیسی گیراوەکانی لە بنبەستێکی یاسایدا ڕادەگرت. سەرنجام لە دوای بایکۆتی ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە خەڵکی کوردستان لە هەڵبژاردنی ١٠ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢١دا و کەمکردنی دەنگدەرانی پارتی و بەردەوامیدانی خەڵکی ئازادیخواز بەرامبەر بە کەیسی گیراوەکانی بادینان، پارتی ناچار کرا پاشگەزبێتەوە لە بڕیارەکانی و بەشێک لەو هەڵسوڕاوانە کە ناوزەندی دەکردن بە سیخوریکردن و کاری تیرۆر، ئازاد کرد. ئازادکردنی ئەم هەڵسوڕاوانە ناگەڕێتەوە بۆسەربەخۆیی دادگاو لێبوردەیی پارتی، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ کاروخەباتی هەموو ئازادیخوازان و لایەنگرانی ئازادی و هەڵسوڕانی سیاسی کە ڕێگایان نەدا ئەم سیاسەتە سەرکوتگەریەی پارتی بەناوی دادگاوە بچێتەسەر. فشاری ئازادیخوازان پارتی ناچاری کرد لەم بڕیارەی پەشیمان بێتەوە. بۆیە پێویستە فشارەکان لەسەر پارتی بەردەوام بێت تا هەموو ئەو هەڵسوڕاو ڕۆژنامەنوسانەی دیکەی کە لە زیندانەکانیدا ڕایگرتوون، ئازاد بکات. هەروەها دەبێت فشارەکان بەردەوام بێت تاوەکو پارتی ئازادی ڕادەربڕین و کۆڕو کۆبوونەوە بە ڕەسمی دەناسێت و دەست هەڵدەگرێت لەسەرکوت و ئەو فەزا عەسکەرتاریەتیەی کە سەپاندویەتی بەسەر دانیشتوانی ناوچەی زۆنی زەرددا. هەروەها پێویستە هەمو جەماوەری ئازایخواز و نارازی بەدەسەڵاتی حکومەتی ناسیۆنالیستی کوردی و نارازی بەسەرکوتی پارتی، چۆن توانیمان بە خەباتی یەکدەستەمان، پاشەکشە بە پارتی بکەین و ناچاری بکەین کە بەشێک لە گیراوەکان ئازاد بکات، هەروەها چۆن توانیمان هەڵبژاردنەکانی ئەوان ڕیسواو ڕەتبکەینەوە، ئەوا دەبێت هەنگاوی ئایندەمان هەوڵدانبێت بۆ وەلانانی ئەم دەسەڵاتە گەندەڵە، ئەویش بە بەرینکردنەوەو درێژەدان بە نارەزایەتیە بەرهەقەکانی خۆمان. ئەویش تەنهاو تەنها کاتێک بەدیدێت کە توانیبێتمان لە دەوری خواستەکانمان کۆببینەوەو توانیبێتمان لە ناوەندەکانی کارو ژیان، کارگەو گەرەک و زانکۆکان و ناوەندی شارەکان بکەینە سەنگەری خەبات بۆ کۆتاییهێنان بەم دەسەڵاتە و سیستەمە تاڵانچیە بۆرژوازیە.

بژی دەسەڵاتداریەتی جەماوەری، بەڵی بۆ ئازادکردنی سەرجەم هەڵسوڕاوانی بادینان.

★

**بزوتنەوەی نارەزایەتی خەڵکی کرێکارو بێبەشی کوردستان بەبێ ڕێکخراوبوون بە سەرکەوتن ناگات!**
**ڕێکخراوبوون گرنگترین چەکی دەستی جەماوەرە بۆ گەیشتن بە ماف و بە ئامانجەکانی!**

# درێژەی ...کرێکارانی ئیتالیا و نارەزایەتیەکی چینایەتی مەزن

نوری بەشیر

بەرەو رۆمای پایتەخت رۆشتن و خۆپیشاندانی نارەزایەتیان دژ بە هێزە فاشیستەکانی ئیتالیا بەرێخست.

ئەم خۆپیشاندانەو تورەیی کرێکارانی ئیتالیا بەدوای ئەوەدا دێت کە رۆژی ٩ی ئۆکتۆبەر هێزە فاشیستەکانی ئیتالیا هێرشیان کردە سەر نوسینگەی یەکێک لە گەورەترین یەکێتیە کرێکاریەکان بەناوی کۆنفیدراسیۆنی گشتی کرێکارانی ئیتالیا ."CGIL".

ئەم هێرشەی فاشیستەکانی ئیتالیا بەئاشکراو لە سۆسیال میدیای خۆیانەوەو بەئاگاداری دەولەتی سەرمایەدارانی ئیتالیا ئەنجامدراوەو پۆلیس هیچ هەلوێست و کاردانەوەیەکی نەبوو.

ئەمە یەکەم هێرشی راستڕەوە فاشیستەکانی ئیتالیا نەبوو، بەلکو پێشتریش هێرشی جۆراوجۆریان کردووە بۆسەر کرێکاران، پەنابەران و کۆچبەران و خەلکانی جیاوازی ولاتان کە لە ئیتالیا دەژین. بەپێچەوانەی هێرشەکانی پێشوو، ئەم هێرشەی ئەمجارەیان وەلامی دەمودەستی کرێکارانی وەرگرت و لەسەر بانگەوازی یەکێتیە کرێکاریەکان کە بانگەوازی سەرتاسەریان کرد بۆ نارەزایەتی بە فاشیەت کە وەلامی شیاو بە فاشیزم هەر لای چینی کرێکارە.

رۆژی ١٦ی ئۆکتۆبەر لەسەرتاسەری ئیتالیاوە، بەپێی سەرچاوەکانی یەکێتیە کرێکاریەکان نزیک بە هەزار پاس و بە دەیان شەمەندەفەر لە خزمەتی گوێزانەوەی خەلکدا بوون بۆ رۆما. ئەگەرچی پۆلیس ئاسمان و زەوی رۆمای بە کۆپتەرو پۆلیس گرتبوو، بەلام رۆما مەیدانی نارەزایەتی چینایەتی کرێکاران بوو بەدژی فاشیزم و راستڕەوی لەو ولاتەدا.

یەکێک لە رابەرانی یەکێتیە کرێکاریەکان وتی؛ "یەک سەدە پێشتر هێرشی حزبی فاشیست بۆسەر بنکەی یەکێتیە کرێکاریەکان کە ئەوکات مۆسۆلینی رابەری ئەو حزبە فاشیستەبوو لە ئیتالیا" دەخاتەوە بیرمان، بەلام سەردەمی فاشیەتی مۆسۆلینی بەسەرچووە.

هەر بۆیە دروشمەکانی ئەم خۆپیشاندانە بەدژی هەموو هێزە فاشیستەکان ئەمانە بوون: "نابێت لێرە بەدواوە فاشیەت بمێنێت"، " هەرگیز فاشیەت نابێت بگەڕێتەوە"، " نا بۆ فاشیەت بەلێ بۆ ئاسایش"، " بۆ بەرگری لە ئاسایش و ئازادی و خۆشگوزەرانی ئەبێ یەکگرتووبین".

دەرکەوتنی ئەم هێزە فاشیستانە لەسەدەیەک دوای حزبەکەی مۆسیلینیەوەو لەژێر دەسەلاتداریێتی بۆرژوازی و سەرمایەداران و دەولەت و دەسەلاتەکانیاندا بەجیا لە "بازاڕی ئازاد"ەکەیان کە کۆمەلگایان نوقمی چ برسێتی و هەژاری و شەڕو کوشتار کردۆتەوە، ئەمە نیشانەی دژە ئینسانی سیسەمی سەرمایەداری و زیندوکردنەوەی هەرچی کۆنەپەرستی و دواکەوتوویی و سەپاندنیەتی بەرسەر کۆمەلگادا کە فاشیزم و راسیزم و کۆنەپەرستی قەومی و ئیسلامی بۆرژوازی و سەرمایەداری لەسەراسەری جیهاندا حوکم دەکات. هەموو ئەمانە مانای ئەوەیە کە ئەم سیستەم و دەسەلاتە بە هێندەی سەرە دەزیەک سودی بۆ مرۆڤایەتی نەماوەو دەبێت بڕوات.

ئەوروپا ئەم سالٌ تەنیا شاهیدی هاتنەمەیدانی چینایەتی کرێکارانی ئیتالیا نەبوو، بەلکو لەم سالدا دەنگهێنانی زۆرێک لە حزبە چەپەکان و پاشەکشەی حزبە راستەکانی بەخۆیەوە بینی. رۆژەکانی ٢٠، ٢٢و ٢٣ی ئۆکتۆبەر، بەریتانیا مەیدانی نارەزایەتی خەلکی مرۆڤدۆست و ئازادیخواز و سۆسیالسیتەکان بوو بەدژی سیاسەتی کۆنەپەرستانەو دژی ئینسانی دەولەتی بەریتانیا لەبەرامبەر بە پەنابەراندا.

کرێکارانی ئیتالیا لەناوەڕاستی ئۆکتۆبەردا نەبەردێکی چینایەتیان نیشاندا نەک تەنیا بۆ کرێکاران و خەلکی ئیتالیا، بەلکو بۆ هەموو ئەوروپاو جیهانیش کە ئەوە هەر هێزی چینی کرێکاری وشیارە بە یەگرتوویی و رێکخراوبوونی دەتوانێت کۆمەلگایەکی جیاواز لەکۆمەلگای سەرمایەداری بهێنێتەدی. دەرسەکانی ئەم نارەزایەتیەی کرێکارانی ئیتالیاو ئێستای بەریتانیا و دووسالی رابردووی ناوچەی رۆژهەلاتی ناوەڕاست کە حکومەتەکانی سودان، لوبنان و عێراقیان لەبەریەک هەلوەشانەوە بەرۆشنی ئەوەی نیشان داوین کە دەسەلاتداریێتی ئەمڕۆی سەرمایەداری تەمەنی نەگریسی بەسەرچووەو دەبێت بڕوات.

ئەو راستیەی کە کۆمەلگای سەرمایەداری ئەمڕۆی تێدایە، کە مرۆڤایەتی لەبەردەم چ هەلومەرجێکی سەخت و دژی ئینسانیدا راگرتووە، تەنانەت بیرمەند و دەمڕاست و ئەلقە لەگوێیەکانی بۆرژوازی ناتوانن وەک ئاخری سەدەی بیست بێت و بەرگری لەبازاڕی ئازادەکەی و سیاسەتی شەڕەنگێزی دەسەلاتەکانی سەرمایەداری بکەن و سەرمایەداری هەتاهەتایی بناسن. بۆ خەلکی جیهان ئەمڕۆ لە هەموو کات زیاتر سەرانی دەولەتانی سەرمایەداری لاوازو تەنانەت بەهێزەکانیش لەهەموو کات ریسواترن هەر لە: بایدن، بۆریس جۆنسن، ئۆردوگان، پۆتین و ئیبراهیم رەئیسی و تا مەسعود بارزانی و هەموومان رۆژانە لە سۆشیال میدیاکانەوە دەبینین و دەبیستین کە لەبەردەم چ نارەزایەتیەکدان.

ئەم هاتنەمەیدانەی چینی کرێکاریی ئیتالیاو کۆکردنەوەی بەرەی رادیکال و سۆشیالیستی کۆمەلگاو وەستانەوە بەرامبەر بەرەی راستڕەوی بۆرژوازی کۆمەلگا، پەیامێکە کە کۆمەلگا زیندوێتی و زەرورەتی سۆشیالیزم و کۆمۆنیزم و مارکس دەخاتە بەردەم چینی کرێکارو مرۆڤایەتی.

هاتنەمەیدانی چینی کرێکاری ئیتالیاو پەیامەکانی بەدژی فاشیزم و راستڕەوی کۆمەلگا لە ١٦ی ئۆکتۆبەردا پێش هەموو شتێک وەرچەرخانە لە سیاسەتی کرێکاران و یەکێتیە کرێکاریەکان بەدژی سیاسەتی دەورانی پێشووی سازشی یەکێتیە کرێکاریەکان. ئەم هەنگاوە نوێیەی کرێکاران لە نارەزایەتی چینایەتی رووی لە کرێکاران و مەحرومانی کۆمەلگایە کە بۆرژوازی چۆن دەیەوێت قەیرانەکانی بەسەر کرێکاران و زۆربەی خەلکدا بشکێنێتەوە، هاتنەمەیدانی دەوێت. ئەمەش رێگاچارەی وشیاری چینایەتی و رێکخراووبوونی حزبی و سۆسیالیستانەی دەوێت، ئەمە تاکە وەلامی چینایەتی و ئالوگۆڕی کۆتاییە بۆ کۆمەلگای دوور لە فاشیستی و خۆشگوزەران و یەکسان.

٢٤/١٠/٢٠٢١